مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2، العدد 4 ،كانون الاول 2016: ص ص 362-389
DOI: 10.21928/juhd.20161225.14, e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

# ڕۆڵی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە سازکردنی وشەو زاراوەی زمانی کوردیدا

**م.ی عوسمان کەریم عبدالرحیم**
**بەشی زمانی کوردی/ سکوڵی پەروەردەی بنەڕەتی/ فاکەڵتی وەرزش و پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سلێمانی**

**الملخص:**

هذا البحث الموسوم بـ(**دور مرفيم النحوي لإنشاء الكلمة والمصطلحات في اللغة الكردية**) ألقى الضوء على المجال البنيوي للكلمات الكردية من حيث التركيب، رغم المقدمة وأهم النتائج الحاصلة عليه من خلال هذا البحث، يتكون من ثلاث فصول: الفصل الاول تحت عنوان مفهوم المورفيم والمورفولوجيا في علم اللغة، و يتحدث هذا الفصل عن مكونات الكلمة وجميع المورفيمات النحوية بشكل نظري مع وجود الأمثلة للكلمات اللغة الكردية، و في الفصل الثاني بُرز دور وتأثير المورفيمات النحوية لبناء الكلمات الكردية أستعانة بالعلوم الأحصاء لأثبات وجوده و بناء الكلمة في اللغة الكردية، وفي الفصل الثالث أيضا تحدثنا عن دور هذه المورفيمات أي النحوية لبناء المصطلحات مع الإعانة بعلم الأحصاء أيضاً، لأثبات دوره و تأثيره في المصطلح الكردي.

**Abstract**:

This research is named ((The role of grammatical morpheme to build up word and terms in the Kurdish language)) highlighted the structural area of Kurdish words and terms of the structure, although the foreground and the most important results occurring him through this research, consists of three chapters: The first chapter under the concept of morpheme and morphology in linguistics address, and speaks of this chapter for the word components and all grammatical morphemes in theory with examples of the words in the Kurdish language, and in the second chapter emerged as the role and influence of morphemes grammatical construction of the Kurdish words hire science of statistics to prove its existence and build a word in the Kurdish language, and in the third chapter also analyzed the role of these morphemes any grammatical terminology for the construction of the subsidy with the knowledge of statistics as well, to demonstrate its role and influence in the Kurdish term.

## ناونیشان و بواری توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەکە ((ڕۆڵی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان لە سازکردنی وشەو زاراوەی زمانی کوردیدا))، بواری توێژینەوەکە خستنەڕوو تیشك خشتنە سەر لایەنێکی گرنگی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی زمانی کوردییە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەت:

بەشێوەیەکی گشتی مۆرفۆلۆژی وەك بوارێکی گرنگی زمانەوانی نوێ، کە ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە دەبینێت لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردیدا، لە دوو بەشی گرنگ پێکدێت ئەوانیش گەردانکردن و دارِشتن، ئەوەی دووەمیان ڕۆڵێکی دیار لە سازکردنی وشەو زاراوەدا دەبینێت، بە هۆی ئەو پێشکەوتنە گەورانەی لە بواری زاراوەسازی جیهانیدا دەبینرێت، ڕۆژانە چەندین زاراوە لە دایك دەبن، بۆیە دارِشتن فریای ئەو هەموو بۆشاییانە ناکەوێت پەنا بۆ یەکەمیان دەبات ئەویش گەردانکردنە، واتە بە هەردوکیان هەوڵ دەدەن کەلێنەکانی ناو فەرهەنگ چارەسەر بکەن.

## ڕێبازو سترِاکچەری توێژینەوەکە:

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە وەسفییەو شیکردنەوەی پێویست بۆ نمونەکان کراوە، بۆ ئەوەی ئەنجامەکانیشی وردو درشت بن، لە هەندێك شوێندا پشت بە ئامار بەسترِاوە ((ئامار بە واتای کۆکردنەوەی سەرجەم زانیارییەکان و پاشان شیکردنەوەی ئەنجامە وردەکانی، و دواتریش برِیاردان لە سەریان))، سترِاکچەری توێژینەوەکە لە پێشەکییەکی کورت و سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باس لە چەمکی مۆرفۆلۆژی و مۆرفیم کراوەو پاشان پێکهاتەکانی وشەو دواتریش مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان ولێکسم و پرۆسەی بە لێکسیمبوون خراوەتە ڕوو، لە بەشی دووەمدا ڕۆڵی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لە سازکردنی وشەدا بە ئامارەوە بەرجەستە کراوە، پاشان لە بەشی سێیەمدا ڕۆڵی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لە سازکردنی زاراوەی کوردیدا باسکراوەو لە ئەنجامیشدا بە ئامارەوە وردو درشتی کارەکە خراوەتە بەردەست.

## ١-١ مۆرفۆلۆژی (morphology) و پەیوەندی بە ئاستەکانی تری زمانەوە:

مۆرفۆلۆژی لقێکە، لە لقەکانی زانستی زمان و هاوشانی سینتاکس لە ناو ئاستی ڕێزماندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دەرخستن وتیشك خستنەسەر پێکهاتەو دروستەی وشەدا هەیەو لە یاساکانی سازکردنی وشە لە ناو زماندا دەکۆڵێتەوە، بە شێوەیەکی گشتی مۆرفۆلۆژی پەیوەستە بە فەرهەنگی زمانەوەو خۆی لە ناو لێکسکۆلۆژیادا دەبینێتەوە، ڕۆڵی ئەو مۆرفیمانە دەخاتەڕوو، کە بەشداریان لە سازکردنی وشەکانی زماندا کردووە، بێگومان بەکارهێنانی زاراوەی سازکردن بۆ هەردوو دارِشتن و لێکدانی وشە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەرکێکی بەرهەمداریان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا هەیە. مۆرفۆلۆژی ((بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە شێوە (فۆرم)ەکان، کە لە بنەڕەتدا ئەم زاراوەیە لە بایۆلۆژیدا بەکار دەهات، بەڵام لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەمدا بۆ پەسنکردن (وەسف)ی جۆرێك لە لێکۆڵینەوەی ئەو ڕەگەزە سەرەکییانەی

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2. العدد 4 .كانون الاول 2016: ص ص 362-389
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

(كه له زماندا بەكارهێنراون) بەكارهات. ڕەگەزەكانیش له شێوەی نامەی زمانیی زانراو له لایەنی هونەری (تەكنیكی) وەسف دەكات، بەمەش دەگوترێت مۆرفیم (morpheme).))[1] واته گرنگترین كەرەستەی مۆرفۆلۆژی مۆرفیم (morpheme)ە، مۆرفۆلۆژی به سەر دوو بەشی سەرەكیی دابەش دەبێت:-




## مۆرفۆلۆژیای دارشتن:

بریتییه لەو مۆرفیمانەی، كه وشەی نوێ به واتای نوێ بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان بەرهەم دەهێنێت، واته ئەو مۆرفۆلۆژییه، كه بواری چالاكییەكەی ڕێگاكانی دەوڵەمەند كردنی فەرهەنگی زمانه به تایبەتی دارشتن و لێكدان وەك دوو ڕێگای سەرەكی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان دەڕوانرێت. بۆ نمونه:

- دارشتن: شەكر+/-دان/ = شەكردان ، كورد + /-ستان/ = كوردستان،....
- لێكدان: (بەردەنوێژ، تەرەپیاز، ....) بەرد +/-ە-/+نوێژ ، (ماڵەوماڵ) = ماڵ + /-ەو-/+ماڵ

مۆرفیمەكانی دارشتن، به تایبەت پاشگرەكان له بنەڕەتدا وشەی سەربەخۆ بوون، بەڵام به تێپەڕبوونی كات و ئەو گۆڕانه زمانییانەی به سەریاندا هاتووه تەنها واتاكەیان لەگەڵ ئەو وشەیەی دەچنه پاڵی لەخۆیدا هەڵگرتووه.

## مۆرفۆلۆژیای ڕێزمانی (گەردانكردن):

بریتییه لەو مۆرفۆلۆژیایەی، كه فۆرمه جۆراوجۆرەكانی وشەیەك دەخاته بەردەست، مەبەست له شێوه جۆراوجۆرەڕێزمانییەكانه واتەمۆرفۆلۆژی گەردانكردن پەیوەندییەڕێزمانییەكانی وشەڕوون دەكاتەوه. هەموو مۆرفیمەڕێزمانییەكان دەچنه خانەی مۆرفۆلۆژی گەردانكردنەوه. بۆ نمونه:

نوسین ← دەنوسم ، نوسیم ، بنوسیایه ، ...هتد.

پاك ← پاكتر ، پاكترین.

گوڵ← گوڵەكه ، گوڵێك ، گوڵەكان

(1) George Yule, The study of language, (2006), p. 62-63.

لێرەدا جیاوازی دیاری نێوان دارشتن و ڕێزمانی ئەوەیە، کە دارشتن دەتوانێت فەرهەنگ دەوڵەمەند بکات و وشەی نوێ بەرهەم بهێنێت، گەردانکردنیش شێوە جیاوازەکانی وشە دەخاتە بەردەست، بەڵام ئەگەر ماوەیەکی زیاتر مۆرفیمەڕێزمانییەکە لەگەڵیدا بێت، ئەوا دەبێتە بەشێك لە وشەکەو بەم پێیە دەتوانێت فەرهەنگ دەوڵەمەند بکات، دواتر لە بەشەکانی دووەم و سێیەمی ئەم توێژینەوەیە بە نمونەیەکی باشەوە بە پێزییان خراوەتە بەردەست.

## ١-١-١ چەمکی مۆرفیم:

دوابەدوای سەرهەڵدانی بیری فۆنیم، (کە هاوشێوەی دۆزینەوەی ئەلیکترۆن بوو لە زانستی کیمیادا). لە نێوان ساڵەکانی (١٩٢٠-١٩٣٠)، بیر لە یەکەیەکی تر کرایەوە، کە ئەویش مۆرفیم بوو، کە لە فۆنیم گەورەترەو واتا لەخۆ دەگرێت. ڕێزماننوسە شوێنکەوتووەکان (لاساییکەرەوەکان) وشەیان بە بچوکترین دانەی واتاییزمان دانابوو، دواتر هەر خۆیان هەستیان بەوە کرد، کە هەندێك پارچەی وشە، بە سەربەخۆ دەرنەئەکەوتن، هەندێکیشیان لە فۆنیمێك پێکهاتبوون، بە سەربەخۆیی واتایان نەبوو، بەڵکو لە ناو وشەکەدا دەبوونە خاوەن ئەرك، یاخود واتا، وەك گیرەکەکان (Affixes)، بۆیە لە کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە بیرۆکەی مۆرفیم لە زانستی زمانناسی نوێدا سەری هەڵدا، کەڕۆڵێکی ئێجگار گەورەی لەوەرچەرخانیزمانەوانینوێدا بینی، زمانەوانەکان جارێکی تر زمانەکانی گێتییان لە سەر بنەمای مۆرفیم پۆلێن کردەوە.[١]

زاراوەی مۆرفیم وەك خۆی لە زمانی کوردیدا چەسپاوەو، لە فارسیدا (تکواژ)ی بۆ بەکارهات و هەرچەندە چەند زاراوەیەکی تریشیان بۆ پێشنیازکرد وەك (وشیل،پارچە وشە)) بەڵام نەچەسپا. لەخوارەوە چەند پێناسەیەکی مۆرفیم خراونەتە بەردەست:-

- مۆرفیم بچوکترین پارچەی زمانەو خاوەن ئەرکێکی ڕێزمانییە، هەرچەندە ئەم پێناسەیە بۆ هەموو مۆرفیم دەست نادات چونکە هەندێکیان هەن بە سەربەخۆیی واتا دەبەخشن. وەکو (کوڕ)، بەڵام (کوڕان=کوڕ+/-ەکە/) /-ەکە/ ئەرکێکی هەیە ئەویش ناساندنە.[٢]
- ((بچوکترین یەکەی واتاداری زمان))[٣]
- بچوکترین پارچەی زمانە، کە سێ تایبەتمەندی هەیە:[٤]

أ) وشەیەکە، یان بەشێکە لە وشە کە مانای هەبێت.

ب) ناتوانرێت دابەش بکرێت بۆ یەکەی بچوکتری واتابەخش، چونکە واتاکەی دەشێوێت.

پ) دووبارەبوونەوەی لە چەند ژینگەیەکی زمانیی جیاواز، کە لە گەڵ ئەوەشدا واتایەکی ڕێژەیی جێگیری هەیە.

---

(١)بڕوانە ((محمد مەعروف فەتاح، زمانەوانی (٢٠١١) ، ل٨٤))، ((شێرکۆ حەمە ئەمین، (٢٠٠٢)، ل١٧)).

(2)Mark Aronoffand, Kirsten Fudeman, what is morphology, (2011) ,p.2.

(3)Victoria Fromkin, Introductionto Language (2009) :p. 80.

(٤)بڕوانە ((محەمەد عومەر عەول ، دابەشبوونی کرداری لێکدراو ...، (٢٠٠١)، ل٥)) لەگەڵ (( Norman C.Stageberg, An Introductory English Grammar,(1981) page 83.))

## ١-١-٢ پێکهاتەی وشە:

دەتوانین پێکهاتەی وشەیەك وا لێك بدەینەوە، کە بۆ نمونە وشەی (ئازاد) لەڕووی دەنگسازییەوە لە دوو برگە پێکهاتووەلا(ئا) + (زاد)، بەڵام لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە لە یەك مۆرفیم پێکهاتووە (ئازاد)، چونکە ناتوانین فۆنیمی لێ لابەرین، چونکە واتاکەی دەشێوێت. بەڵام وشەیەکی وەك (لاوان) کە لە دوو برگەو بە هەمان شێوە لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە، یەکەم: چونکە دوو فۆنیمی دەنگدار (vowel)ی تێدایە ((لا + وان ))، دووەم لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە، یەکەمیان (لاو) واتایەکی سەربەخۆی هەیەو بەشی دووەمیان /–ان/ ئەرکی کۆکردنەوەیە، کە بە سەربەخۆیی دەرناکەوێت تەنیا لەگەڵ پۆلی وشەی (ناو) دا دەردەکەوێت، بۆیە هەمیشە بەندە پێوەی بۆیە پێی دەگوترێت مۆرفیمی بەند، کە لە چەندین شوێنی تردا دوبارە بۆتەوە.[١] بۆنمونە: مەستان، شەوان، ڕۆژان،....هتد.

## ١-١-٣ مۆرف و ئەلۆمۆرف (Morph and Allomorph):

مۆرف (Morph) وەك زاراوە بۆ یەکەم جار لەلایەن (تشارلز هۆکێت)ەوە بەکارهاتووەو دواتر (هاریس) زاراوەی کەرتی مۆرفیمی بۆ بەکارهێناوە. چەمکی مۆرف بەشێکی بەرجەستەی دەربڕین و نوسینە، واتە فۆرمێکی فیزیکییە و خاوەن قەبارەیە، بە پێچەوانەی مۆرفیم یەکەیەکی هۆشەکی و بێ قەبارەیە. مۆرف خۆی فۆنیمێکە یان زنجیرە فۆنیمێکی جیاوازە لە ژینگەی تر دوبارە دەبێتەوە، زۆرجار چەند شێوەیەکی مۆرف لە یەك مۆرفیمدا کۆ دەبنەوە پێیان دەگوترێت (ئەلۆمۆرف**Allomorph**)، واتەئەلۆمۆرفشێوەجیاوازەکانیمۆرفیمێکە.[٢] بۆ نمونە:

- شارەکە ، دێیەکە، پەرۆکە، زۆپاکە ،...هتد.
- برایان ، کوڕان ، ڕۆژووەوان ، ...هتد.

---

([1])H.G. widdowson, Linguistics,(2009), p.45. with (( محەمەدی مەحوی، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، ل٢٤٢ (٢٠٠٩))).

(٢) بۆزانیاری زیاتربڕوانە ((کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم وهەندێ لایەنی مۆرفۆلۆژی..، (١٩٩٠)،لا ٤١–٤٣.)).

## ١-٢ جۆرەکانی مۆرفیم:

دوو جۆر مۆرفیم هەن ئەوانیش سەربەخۆو بەند، مۆرفیمی سەربەخۆ سەرجەم وشە سادەکان دەگرێتەوە:[١]




- –مۆرفیمی سەربەخۆ، ئەوانەن، کەوا بە سەربەخۆیی لەڕستەدا دەردەکەون. لە ناو مۆرفیمە سەربەخۆکانیش وشە، کە بەشێکی گرنگی ناو فەرهەنگی زمان پێکدێنێت، زاراوەش کە بەشێکە لە وشە لەناو فەرهەنگی پسپۆڕیتی زانستەکان بەکاردەهێنرێت. وشە ئەرکێکانیش ئەوانەن ئەرکێکی سینتاکسی لە ناو ڕستەدا دەبینن.
- مۆرفیمە بەندەکان ئەو مۆرفیمانەن کە بە سەربەخۆیی نابینرێن و هەمیشە بەڕەگ، یا وشەو زاراوەکانەوە بەندن، وەکو پێشگرو ناوگرو پاشگرو پێشودواگرەکان، ئەگەر پۆلی وشەیان گۆڕی بێت، یاخود واتایەکی نوێیان بەرهەم هێنا بەلاّم پۆلیان نەگۆڕی، کەواتە وشە، یاخود زاراوەیەکی نوێیان بەرهەم هێناوە.

## ١-٢-١لێکسیم و پرۆسەی بە لێکسیمبوون (Lexicalization) لە زمانی کوردیدا:

لێکسیم شێوە جۆراوجۆرەکانی فۆرمی ڕەگێك، یا بناغەیەك دەخاتە ڕوو، بۆ نمونە ڕەگی (کوژ) لە (کوژرا، دەکوژرێت، ناکوژرێت،...هتد)[٢]، واتە لێکسیم دانەیەکی نادیاری ناو فەرهەنگە، دەتوانرێت لە ڕێی بەرجەستەکردنەوە واتا تیا هەلگێراوەکەی بزانرێت.[٣]لە گەڵ ئەوەشدا چەند تایبەتمەندییەکی هەیە :

---

([1]) (Victoria Fromkin, Robert Rodman, Nina Hyams, (2009), p. 83.

(٢)بڕوانە ((محەمەد عومەر عەول ، دابەشبوونی کرداری لێکدراو ...، (٢٠٠١)، ل٦)).

(٣)محەمەد مەجید سەعید، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، (٢٠١٥)، ل٤١.

**١) خاوەنی واتان.**

**٢) فۆرمێك، یاخود چەند فۆرمێکیان هەیە بۆ ئەوەی واتاکەی بنوێنێت.**

**٣) یەکێك لە لێکسیمەکان باربووی نواندنەکان دەکات.**

**واتە هەموو لێکسیمێك لە چەند فۆرمێکی جیاوازدا خۆی دەنوێنێت و لە کاتی بەکارهێناندا دەبێتە خاوەنی واتا.**

**بە لێکسیمبوون، ((پرۆسەیەکە بۆ تێکردەی توخمێك لە فۆرمی وشە، یان فریزدا بۆ ناو فەرهەنگی زمانێك. هەرچەندە پرۆسەکە نادیارو ئاڵۆزە، بەڵام پێرەو بەندانەیەو لەلایەن ئاخێوەری زمانەوە دووبارە دەکرێنەوە، یاخود لە رێی خواستنی وشەی بێگانەوە پرۆسەکە ئەنجامدەدرێت)).[١] لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ لە دێر زەمانەوە هەوڵی داوە بۆ چەندین جار، سود لەو کەرەستانە ببینێتەوە، کە پێشتر لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی رۆژانەیدا بە کاری هێناون.[٢]**

**شیکردنەوەی ئەو وشانەی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:**




**ئەم رێگایەی بەرهەم هێنانی وشە پشت بە گەورەترین ئاستی زمان دەبەستێت کە سینتاکسە، واتە لە رێی بە لێکسیمبوونەوە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەبێت، پرۆسەکەس بە دابڕینی گرێیە لە ئاستی سینتاکس و دەیکاتە فریزێکی بە لێکسیمبوو.**

## ١-٢-٢ گیرەکە رێزمانییەکانی زمانی کوردی:

**تەنها ئەو مۆرفیمە بەندە رێزمانییانە خراونەتە ڕوو، کەوا رۆڵیان لە سازکردنی وشەکاندا بینیوە:-**

### ١-٢-٢-١ گیرەکەرێزمانییەکانی ناو

---

(١) سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٥.

(٢) فاروق عومەر سدیق، جێپەنجەی فریزی بە لێکسیکبوو ..، (٢٠١٣) ل ١٢١.

١. ناسراوی ئەلۆمۆرفەکانی ((–ەکە، –کە، ، –ە، –یەکە، ۆکە،..))

٢. نەناسراوی و ئەلۆمۆرفەکانی (( –ێك ، یّ، –یەك ،–ەك،..))

٣. کۆو ئەلۆمۆرفەکانی (( –ان ، –یان، –ها، –هات))

– کوڕەکە، براکە/برایەکە، کچە، فڕۆکە ،...

برایەك، کوڕێ، کۆترێك، کچەك،...

### ١–٢–٢–٢ مۆرفیمەڕێزمانییەکانی ئاوەڵناو

مۆرفیمە بەند ڕێزمانییەکانی پلەی بەراورد و باڵا

مۆرفیمەکانی/–تر/ و /–ترین/ لەگەڵ (هەرە) بۆ پلەی باڵا، هەرچەندە ئەم فۆرمە زیاتر لە کرمانجی سەروودا بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە کرمانجی ناوەڕاستیش بەکاردێت:– ((هەرە جوانەکەیانم بینی.))، ((کچکا هەرە ڕەند.)).

- نەوزاد لە ئازاد وریاترە./ ئازاترە/ ترسناکترە...
- جوانترین کورسی کڕیوە.
- باشترین کەسە.

### ١–٢–٢–٣ مۆرفیمەڕێزمانییەکانی کردار

أ) مۆرفیمی تێپەڕاندن: لە کاتی گۆڕینی کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ بۆ تێپەڕ پێویستە مۆرفیمی کاتی لێبکرێتەوەو پاشان مۆرفیمی (–ان)ی بخرێتە سەر بۆ ئەوەی هێزی کردارەکە لەڕابردووی تێنەپەڕەوە بکات بە تێپەڕ، بۆڕانەبردووی تێنەپەڕیش مۆرفیمی (–ێن)ی دەخرێتە سەر و دەبێت بەڕانەبردووی تێپەڕ:[١]

ڕابردوو: شکا – (ا) ← شك + (–ان) +م.کاتی ڕابردوو(د)+ (ن)ی ناوی ڕووداو ←شکاندن

ڕانەبردوو: دەسووتێت –ێت ← (دە–) +سووت + (–ێن)+ ج.ل ←دەسووتێنێت

ب) مۆرفیمی بەرکاری: (ئەو مۆرفیمەیە کە دەچێتە سەر ڕەگی کرداری سادەو لێکدراوو پاشان ناوێکی بەرکاری دروست دەکات، بە لا بردنی (ن)ی ناوی ڕوداوو مۆرفیمی کات و پاشان مۆرفیمی (–او) دەخرێتە سەرو پاشان ناوێکی بەرکاری دروست دەبێت). بۆ نمونە: سوتان – (ان) ←سوت + (–او) ← سوتاو

بڕین – (ین) ←بڕ + (–او) ←بڕاو

دورین – (ین) ←دور + (–او) ←دوراو

ڕوشان – (ان) ←ڕوش + (–او) ←ڕوشاو

ڕووان – (ان) ←ڕوو + (–او) ←ڕوواو

ڕوودان – (ان) ←ڕوو +(د) + (–او) ←ڕووداو

---

(١)نوری علی امین، قەواعیدی زمانی کوردی،(١٩٥٦)،ل ٣٥–٣٦.

e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

**١-٢-٢-٤ مۆرفیمەکانی نەرێکردن**

**نە کرداری ڕابردوو / نەمخوارد**

**نا کرداری ڕانەبردوو / ناخۆم**

هەموو ئەمانە بەشێکی گرنگی مۆرفیمی ڕێزمانی بوون، وەك دەبینرێت تەنیا فۆرمەکەیان گۆڕی بوو لەو نمونانەی پێشوو، بەڵام هەندێك جار ئەو مۆرفیمانە بۆ ماوەیەکی زۆر زیاتر دەچنە سەر وشەیەك، یا زاراوەیەك و دەبنە بەشێك لە وشە، یاخود زاراوەکەو فەرهەنگی زمان بە هەردوو بنەڕەتی و گشتی (وشەو زاراوە) دەوڵەمەند دەکەن. واتە هەندێ جار ڕۆڵی سازکردن دەبینن و کەلێنەکانی ناو زمانەکە پڕ دەکەنەوە. ئەمەش بە ڕێگای بە لێکسیمبوون واتە بە هۆی وشەسازی بە ڕێگای سینتاکسی، دیارە هەموو ئەمانە دانەیەکی ئاستی سینتاکسن و دەکەونە سەرووی ئاستی وشەوە.

## ١-٣ وشەو زاراوە؟

لێرەوە پێویستە ئەو ڕاستییەڕوون بکرێتەوە، کە وشە لەگەڵ زاراوە چین و چۆن لێك جودا دەبنەوەو پێناسەی هەردووك وشەو زاراوە چییە، کە زاراوە خۆی بەشێکە لە وشە بۆچی سنورێکی دابڕ دەخرێتە نێوانیانەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگە،دەبێت بەڕوونی وشەو زاراوە پێناسە بکرێن، پاشان جیاوازیی و لێکچوونەکانیان ڕوون بکرێنەوەو ڕۆڵی مۆرفیمە بەندەڕێزمانییەکان لە سازکردنی دانە فەرهەنگێکان ڕوون بکرێنەوە.

**١-٣-١ وشە:**

گرنگترین کەرەستەی زمانە، بەشێوەیەك هەوڵی پاراستنو دەوڵەمەندکردنی دەدرێت، تا زمانەکە پێشبکەوێت، چونکە بە یەکەیەکی گرنگی واتاداری زمان دادەنرێت.. هەروەهاوشە ((لە ناو فەرهەنگی بنەڕەتی (basic word stock) هەموو خاوەن زمانێکدایە فەرهەنگی بنەڕەتی هەموو ئەوشانە دەگرێتەوە، کە چالاکن و لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا بەردەوام بەکاردەهێنرێن، وەك کیلگەی وشەکانی خواردن، جلوبەرگ، ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، خزمایەتی، کاسەوکەوچك، ئاژەڵیماڵی دڕندە، ژمارە،...هتد. کە هەموو ئەمانە چەندین وشە لە خۆ دەگرن و بەردەوام بەپێی سەردەمەکانیان بەسەر زاری قسەپێکەرانییەوە بووە.[١]

**١-٣-٢ زاراوە:**

دانەیەکی فەرهەنگییەو بەشێکە لە وشەو لەناو فەرهەنگی گشتی پسپۆڕیتی هەموو زانستەکاندا هەیەو بریتین لەو وشانەی، لەناو چوارچێوەیەکی تەسکدا بەکاردەهێنرێن و هەموو قسەپێکەرانی زمان بەکاری ناهێنن.[٢]لە هەر زانستێکدا کۆمەڵێك، یاخود فەرهەنگێکی دەوڵەمەندیان لە زاراوە هەیە، لەگەڵ زانستێکی تردا جیاوازە زانستەکانیش وەك پەتی و مرۆڤایەتیی.. زانستە پەتییەکان بریتین لە پزیشکی و کیمیك و فیزیك و زیندەوەرزانی،...هتد. زانستە مرۆڤایەتییەکانیش،.

(١) فاروق عومەر سدیق، پێرو بەرهەمی وشەی (سەر) لە زمانی کوردیدا.(٢٠١٣) ، ل١٥٠.

(٢) بڕوانە ((کامل حسن بەسیر، زاراوەی کوردی، (١٩٧٨)، ل١٩.

وەك: زمان، کۆمەڵناسی، مێژوو، جوگرافیا، یاسا، ڕامیاری، پەروەردە، ...هتد. هەریەك لەو زانستانە فەرهەنگێکی پسپۆڕی هەیەو چەندین زاراوە لەخۆدەگرن و کە بەشێکیان بەهۆی وەرگرتنەوە هاتوونەتە ناو زانستەکەو بەشێکی تریشیان بەهۆی دارِشتنەوە دروست بوون، بەشێکیشیان چونکە وەرگێردراون مۆرفیمی ڕێزمانی ڕۆڵی لە دروستکردنیدا هەبووە.

## ٢–١ مۆرفیمەڕێزمانییەکان و ڕۆڵیان لە سازکردنی وشەدا:

وەك لە پێناسەی وشەدا ئەوە خرایەڕوو، کە وشە بە سەر زاری هەموو قسەکەرانی زمانەکەوەیە، واتا کۆمەڵ بەشدارە لە بەرهەمهێنان و چالاك کردن و پووکانەوەی، قسەکەرانی زمانیش تاکە تاکە وشەکان بەکار ناهێنن، بەڵکو لە چوارچێوەی سینتاکسدا بەکاردەهێنرێن، چونکە ئاستەکانی زمان تێکچڕژاون، بە شێوەی سیستەم کاردەکەن، لە ئاستەکەی خۆیان دادەبڕێن ودەبنە دانەیەکی فەرهەنگیی. چونکە فەرهەنگ ژێرخانی هەموو زمانێکەو بە بێ بوونی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لە هەر زمانێکدا، ئەوا بە زمانێکی نازیندوو دادەنرێت، واتە سەرجەم ڕێگاکان دەگیرێنە بەر بۆ زیندوو ڕاگرتنی فەرهەنگەکە.

شیکردنەوەی وشەکانی سەروە بەم بیچمەی خوارەوە دەخەینەڕوو:




### ٢–١–١ ناو + مۆرفیمی ناسراوی




| N̄ | D° | N̄ |
|---|---|---|
| تەن + | /–ەکە/ ← | تەنەکە |
| شەکر + | /–ەکە/ ← | شەکرەکە |
| دەستاڕ + | /–ەکە/ ← | دەستاڕەکە |
| پوول + | /–ەکە/ ← | پوولەکە[١] |
| مۆت + | /–ەکە/ ← | مۆتەکە |
| گرد+ | /–ەکە/ ← | گردەکە |
| هەنجیر + | /–ە/ ← | هەنجیرە |

(١)پوولەکە(پەرە وردەکانی ماسی)، پوول (وردە) ((هەژار موکریانی هەنبانە بۆرینە (١٣٨٩هەتاوی)، لا ١٥١)).

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2. العدد 4 .كانون الاول 2016: ص ص 362-389
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

لێرەدا ناوەکان وەك دیارخراوێکن و نیشانە ناسراوییەکانیش وەك دیارخەرێك ناوەکانیان ناساندووە، لە ئاستی سینتاکس دابڕاون، و بوونەتە لێکسیمێك و فەرهەنگیان دەوڵەمەندکردووە، هەرچەندە پۆلەکەشیان هەر ناوە، واتە پۆلەکەیان نەگۆڕیوە، کە ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مۆرفیمی ڕێزمانی، تەنها فۆرمێکی نوێیان بەرهەمهێناوەو چوونەتە ناو فەرهەنگەوەو وەك وشەیەك بەکاردەهێنرێن.

کوژ + /–ەکە/ ← کوژەکە((واتە هەندێ جاریش، یاساشکێنی ڕوودەدات و ڕەگی وشەیەك ناسراو کراوەو ڕۆڵی ناوی بینیوە)).

دار+/–ە–/+سوتاو +/–ەکە/ ← دارەسوتاوەکە

دەرد+ /–ە–/ پیس + /–ەکە/ ← دەردەپیسەکە

لەم دوو نمونەیەدا، (دارەسوتاو)و (دەردەپیس) دوو فریزی ئاوەڵناوین، وەك ناوێك هەڵسوکەوت دەکەن:

﴿ناو + بەستەر+ئاوەڵناو﴾

دار + /–ە–/ + سوتاو ((هەرچەندە سوتاو ناوێکی بەرکارییە، (بگەڕێوە بۆ لاپەڕە حەوت) بەلام لێرەدا وەك ئاوەڵناوێك ناوە گشتییەکەی دەرخستووە، ئەمەش ئاساییە چونکە فریزەکانی ناوی و ئاوەڵناوی لە فریزی دەرخەریدا دەشکێتەوە.[١]))

دەرد + /–ە–/ + پیس

| ژمارەی وشە = ١٠ |
|---|

۲–۱–۲ ناو + مۆرفیمە نەناسراوی




هەند + /–ێك/ ← هەندێك

مشت + /–ێك/ ← مشتێك

تۆز + /–ێك/ ← تۆزێك/تۆزێ

تۆزقاڵێ + /–ێك/ ← تۆزقاڵێك

کەم + /–ێك/ ← کەمێك/کەمێ

نەخت + /–ێك/ ← نەختێك

زەڕە + /–یەك/ ← زەڕەیەك

بڕ + /–ێك/ ← بڕێك

(١)بڕوانە ((محەمەد مەجید سەعید، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون، (٢٠١٥)، ل٧٦)).

بەش + /–ێك/ ← بەشێك

**ژمارەی وشە = ٩**

+ مۆرفیمەکانی نەناسراوی وەك دیارخەرێك چوونەتە سەر ناوێك و فریزێکی دیارخەرییان وەرگرتووە، واتە گرێیەکە لە ئاستی سینتاکس دابڕاوەو بە پرۆسەی بە لێکسیمبووندا ڕۆشتوون، بۆ بڕی نەژمێردراو بەکاردەهێنرێن، واتە وشەی نوێیان بەرهەم هێناوە.

**٢-١-٣ ناو + کۆ**




چنار + /–ان/ ← چناران ((شوێنێکە داری چناری زۆری لێیە بۆیە چەمکی کۆی پێوە دیارە)).

میر + /–ان/ ← میران ((بە واتای نەوەی میر دێت، چەمکێکی کۆی لە خۆ گرتووە)).

هەنار + /–ان/ ← هەناران ((شوێنێکە هەناری زۆری لێیە، ناوی گوندێکە)).

چاو + /–ان/ ← چاوان ((چەمکێکی کۆی لە خۆ گرتووە، یاخود مەبەستی چاوی گەورەیە)).

گوڵ + /–ان/ ← گوڵان ((شوێنێك گوڵی زۆری لێبووبێت، یان وەختی گوڵکردنی درەختەکان)).

بێژ + /–ان/ ← بێژان ((هاوواتای (گوتن)، ڕەگ و ڕیشەی کرنژە)).

ڕەز+ /–ان/ ← ڕەزان/ڕێزان ((بوونی ڕەزی زۆر، گۆڕانێکی فۆنەتیکیشی بە سەردا هاتووە)).

ڕۆژ + /–ان/ ← ڕۆژان ((ڕۆژان ڕۆژی لە دوایە، چەمکێکی کۆی لە خۆی گرتووە)).

کێژ + /–ان/ ← کێژان ((چەمکی کۆی لە خۆ گرتووە، فۆرمەکە بۆ ناویش بەکاردەهێنرێت)).

باب + /–ان/ ← بابان[1]

کاب + /–ان/ ← کابان[2]

کۆسار+ /–ان/ ← کۆساران[3]

---

([1]) بابان بەواتای ماڵەباب،مەڵبەند وهۆزێك لەشارەزور وئەردەڵان ((هەژار موکریانی هەنبانە بۆرینە (١٣٨٩هەتاوی)،لا. ٣٧))

([2])کاب : قاپ، میچ، ...، کابان بەواتای ژنی ئاگاداری ماڵ ((هەنبانە بۆرینە،لا. ٥٩٥))

([3]) کۆسار بەواتای شاخ،کۆساران شوێنی چیای زۆر.

لێو + /–ان/ ⟵ لێوان ((دەگوترێت لێوان لێو بووە، بە واتای پڕبووە، خەریکە لێی دەڕژێت، چەمکی کۆی پێوە دیارە)).

باز + /–یان/ ⟵ بازیان

گەرم + /–یان/ ⟵ گەرمیان

/هەڵ–/ + شاخ + /–ان/ ⟵ هەڵشاخان ((پێشگر+ناو+کۆ))

خاڵ +خاڵ + /–ان/ ⟵ خاڵخاڵان ((ناو+ناوی دوبارە)).

ناو + شاخ + /–ان/ ⟵ ناوشاخان ((ئاوەڵکردار + ناو+کۆ))

ناو + گرد + /–ان/ ⟵ ناوگردان ((ئاوەڵکردار + ناو+کۆ))

جۆ + زەرد+ /–ان/ ⟵ جۆزەردان ((ناو + ئاوەڵناو+کۆ))

| ژمارەی وشە = ٢٠ |
|---|

+ مۆرفیمەکانی کۆ، کە لەگەڵ ئەوەی چەمکی کۆیان لەخۆ گرتووە، بەڵام ناوی شوێنیشیان دیاری کردووە، بۆ نمونە:گەرمیان ((گەرم + /–یان/)) بە واتای ئەو شوێنە پلەی گەرمای بەرزەو لە سەر ئەنالۆژیای (کوێستان) وەك دژیەك(Anatomy)ێك دروست بووە.

+ هەندێك جاریش بەمۆرفیمە ڕێزمانییەکان دەبنە بەشێك لە وشەکان وپێش مۆرفیمەکانی داڕشتندەکەون، ئەم دوو وشەیە لە سەر یەك ئەنالۆژیا دروستبوون، بۆنمونە:

جوڵ + /–ان/ ⟵جوڵان + /–ەوە/ ⟵جوڵانەوە ((ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا زاراوەیەو وەك وەرگێڕانێکی ناوەرۆکی وشەی (حرکە)ی عەرەبییەوە، دروست کراوە)).

خول + /–ان/ ⟵خولان + /–ەوە/ ⟵خولانەوە ((دوای ئەوەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکەی وەرگرت جارێکی تر مۆرفیمی داڕشتنی وەرگرتووەو وشەیەکی نوێی بەرهەم هێناوە)).

## ٢–١ مۆرفیمی نەرێکردن + ناو

ئەم مۆرفیمە ڕێزمانییە کاتێك چۆتە سەر وشەکە، لە ئاستی سینتاکسدا یەکسەر نەفی کردووە، یاخود واتاکەی ئاوەژوو کردووەو چەمکی نەرێکردنی هەر پێوە ماوەتەوە، بە واتای هەموو بەشە ئاخاوتنەکان جا (ناو) بن، یا (کردار) ئەوا پێچەوانەکەی دەخاتە ڕوو، واتە ناکرێت ئەم مۆرفیمانە کە هێشتا چەمکی نەرێکردنەکەیان پێوە دیارە بە مۆرفیمی دوو لانە دای بنێین و وەك مۆرفیمێکی داڕشتن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بە واتای ئەوەی ئەم مۆرفیمانە لە بنەڕەتدا هەر ڕێزمانین بەڵام لەبەرئەوەی ماوەیەکی زۆرە چۆتە سەری و کۆمەڵ مۆری لێداوە بۆیە دەکرێت بگوترێت ئەم وشانەی خوارەوەی بەرهەم هێناوە:–

**١) مۆرفیمی نەرێکردن + ناو**

/نا-/ + پیاو← ناپیاو ((پێچەوانەی پیاوە لە ڕووی واتاوە، بەڵام لەبەرئەوەی چۆتە ناو فەرهەنگی زمانەوە پێکەوە بەکاردەهێنرێت)).

/نا-/ + ئومێد← نائومێد ((بە واتای هیچ ئومێدێکی نەماوە، بووەتە بەشێك لە وشەکە)).

/نا-/ + دیار←نادیار ((ئەم وشەیە گەورە کراوەو لە ناو زاراوەی زمانەوانیشدا بەکاردەهێنرێت، کە بە هەمان شێوە چەمکەکەی ئاوەژووکردووە، واتە نەرێی کردووە)).

/نا-/ + جۆر←ناجۆر ((نەرێی کردووە))

/نا-/ + حەز←ناحەز ((بە هەمان شێوە نەرێی کردووە، واتە کەسێکی خۆشی پێدا نایەت، لە ناو چوارچێوەی وشەسازیدا فەرهەنگی دەوڵەمەند کردووە)).

/نا-/ + شیرین←ناشیرین ((نەرێی کردووە))

/نە-/ + سرەوت← نەسرەوت ((بە کەسێك دەگوترێت، کە پشوو بەخۆی نەدات، بەهەمان شێوە نەرێی کردووە)).

/نە-/ +خۆش← نەخۆش ((کەسێك ناساغ بێت، ئەوا چێژ لە خۆشیی نابینێت، بۆیە دەگوترێت نەخۆش، کە لە بنەڕەتدا فۆڕمەکە ناخۆش بووە، دواتر بووە بە نەخۆش.

/نە-/ + ترس← نەترس ((کەسێك ترس نەناسێت، نەرێکردنە)).

| ژمارەی وشە = ٩ |
|---|

**٢) مۆرفیمیینەرێکردن + کردار**

/نە-/ + ناس←نەناس ((چووەتە سەر ڕەگی وشەو نەرێی کردووە، واتە پێچەوانەی (ناسین)٥)).

/نە-/ + مر← نەمر ((چووەتە سەر ڕەگەکەو واتاکەی پێچەوانە کردووەتەوەو بەرامبەر وشەی (خالد)ی عەرەبی وەستاوە، بە واتای کەسێك دوای نەمانیشیی لە هزرماندا بمێنێت.

/نە-/ + هات← نەهات ((پێچەوانەی (هاتن) و لەگەڵ ئەوەشدا واتایەکی تری کردووە بەبەردا بە واتای شووم دێت)).

/نە-/ + فام←نەفام ((پێچەوانەی هۆشمەند، ئەمە زیاتر کەسانی ئایینی وەك جنێوێك بۆ ئەو کەسانە بەکاری دەهێنن، کە پێچەوانەی بیروبۆچوونی ئەمان بجوڵێنەوە، واتە چەمکی نەرێکردنی لە خۆ گرتووە)).

| ژمارەی وشە = ٤ |
|---|

هەمووو ئەمانە ئەو ڕاستییەمان پێ دەڵێن، کە ئەم وشانە بە ڕێگای وشەسازی دروست بوون، بە واتای تێکەڵبوونی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژی.

## ٢-٢　رەگی کردار + مۆرفیمی /-اندن/ی تێپەڕاندن

### ڕەگی (ڕفان) + /-اندن/ ← ناوی ڕووداو

ڕف + /-اندن/ ←ڕفاندن ((گۆڕینی هێزی کردارە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ، بەڵام پۆلی وشەی گۆڕیوە، چونکە (ڕفاندن) وەك ناوێکی ڕوداو (چاوگ)ێك هەژمار دەکرێت)).

فڕ + /-اندن/ ← فڕاندن ((گۆڕینی پۆلی وشە، لە (ڕەگ)ەوە بۆ ناوی ڕووداو)) .

پەڕ + /-اندن/ ← پەڕاندن ((پۆلی وشەی گۆڕیوە)).

دڕ + /-اندن/ ← دڕاندن ((بە هەمانشێوە پۆلی وشەی گۆڕیوە)).

| ژمارەی وشە = ٤ |
|---|

واتە پرۆسەکە تەواو مۆرفۆلۆژییەو فەرهەنگی دەوڵەمەند کردووە.

**٢-٣ ڕەگی کردار + /-او/ مۆرفیمیبەرکاری**

**ڕەگ + /-او/ ← ناو**

سووت + /-او/ ← سووتاو ((ڕەگی وشەکەی گۆڕیوەو ناوێکی بەرکاری بەرهەم هێناوە)).

قوپ + /-او/ ← قوپاو ((ڕەگی چاوگی (قوپان) بووەتە ناوێکی بەرکاری)).

شی + /-او/ ← شیاو ((ڕەگی شیبوونەوەیە پۆلەکەی، یاخود بەشە ئاخاوتنەکەی گۆڕاوەو بووەتە ناو)).

سوو + /-او/ ← سوواو ((ڕەگی چاوی سووان بە هەمانشێوە پۆلی گۆڕیوە)).

دڕ + /-او/ ← دڕاو ((ڕەگی چاوگی ( دڕان)ە پۆلەکەی گۆڕاوەو بووەتە ناو)).

شك + /-او/ ← شکاو ((ڕەگی چاوگی (شکان) پۆلەکەی گۆڕاوەو بووەتە ناو)).

| ژمارەی وشە = ٦ |
|---|

ئەم چارتەی خوارەوە بە پێی ژمارەی ئەو وشانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون، تیایدا خراوەتەڕوو:-




کۆی گشتی ژمارەی وشەکان بریتین لە (٦٢) وشە، بەرزترین ئاستی چارتەکە مۆرفیمی کۆیە کە ژمارەیان (٢٠) دانەیەو دواتر نەرێکردن دێت (١٣)، ناسراوی (١٠) دانە و نەناسراوی (٩) دانەو بەرکاری (٦) دانەو دواتریش تێپەڕاندن کە ژمارە (٤)دانەیە. هەردوو ئاستی سینتاکس و مۆرفۆلۆژی ڕۆڵیان لە سازکردنی ئەم وشانە هەیە، بۆ نمونە نیشانەی

ناسراوی و نەناسراوی و کۆ فرێزی دیارخەریی دروست دەکەن و فۆرمێکی نوێیان بەرهەم هێناوەو بە هەمان پۆلی وشەو بەشە ئاخاوتنی خۆی نەرێکردن ، بەڵام مۆرفیمەکان تێپەڕاندن و بەرکاری و پۆلی وشە، یاخود بەشە ئاخاوتنەکانیان گۆڕیووەو وشەی نوێیان بەرهەم هێناوە.

## ٣-١ مۆرفیمە ڕێزمانییەکان و ڕۆڵیان لە سازکردنی زاراوەدا:-

زاراوە جیاواز لە وشە، لە ئێستای گەشەسەندنی زانست و تەکنەلۆژیاو زانستی سەردەمدا گرنگییەکی زۆری هەیەو ڕۆژانە دەیان زاراوەی نوێ بە چەمکی نوێوە لە دایك دەبێت، سەرچاوەی گەشەسەندن و پەرەسەندنی فەرهەنگی زاراوە یا وشەکانی زمانەکەیە، یا وەرگرتنە، یاخود لە ڕێی وەرگێڕانی ناوەرۆکی زاراوەکانەوە، ساز دەکرێن، گەشەسەندنی زاراوەش بەندە بە گەشەسەندنی فەرهەنگی بوارە زانستییەکانەوە، واتە سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی زاراوە فەرهەنگی زمانە نەك ئاستەکانی ، چونکە فەرهەنگ وەك چەقی داهێنانی زاراوە نوێیەکانە، زاراوە کە لەلایەن تاکەکەس، یاخود کۆمەڵێك پسپۆڕ کاتێك فۆرمێکی نوێ بۆ چەمکێکی نوێ دادەتاشن زیاتر پشت بە فەرهەنگ دەبەستن، لەگەڵ ڕەچاوکردنی یاسا مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکانی زمانەکە.

### ٣-١-١ زاراوەی بواری زانستی بەرهەمی کانزایی[1]

١ . تەنەکە : ((ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا وشە بووەو گەورە کراوە بووەتە زاراوە)).

تەن + /-ەکە/ ←تەنەکە

٢ . مەزنترین : (( ئەم زاراوەیە پلەی باڵای ئاوەڵناوەو لە بەرامبەر زاراوەی (أعجم)ی عەرەبی سازکراوە)).

مەزن + /-ترین/ ←مەزنترین

٣ . لکاندن : ڕەگی ڕابردووی چاوگی (لکان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن، کە هەر مۆرفیمی کاتی ڕابردووی (د) و (ن)ی ناوی ڕووداو (چاوگ).

لك + /-اندن/ ←لکاندن

٤ . تێڕژاندن : لە بەرامبەر (صب)ی عەرەبی سازکراوە، وەرگێڕانێکی ناوەرۆکییە، لەگەڵ ئەوەشدا پێشگری (تێ-) لەگەڵ چاوگی (ڕژان) و مۆرفیمی تێپەڕاندن.

/تێ-/ + ڕژ + /-اندن/ ←تێڕژاندن

٥ . پرژاندن : ڕەگی چاوگی پرژان لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.

پرژ + /-اندن/ ←پرژاندن

٦ . کڕاندن : ڕەگی چاوگی (کڕان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.

---

(١) بڕوانە(( گەیلان ئیسماعیل، فەرهەنگۆکی زاراوەگەلی زانستی بەرهەمی کانزایی (٢٠١١)، لاپەڕەکانی ((٣-٢٢-٤٤-٤٦-٦٣-١١٧-١٤٤-١٥١-١٥٤-١٥٩)).

**کڕ + /–اندن/ ←کڕاندن**

**٧. شکاندن : ڕەگی چاوی تێنەپەڕی (شکان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**شك + /–اندن/ ←شکاندن**

**٨. نەخشاندن : ڕەگی چاوگی (نەخشان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**نەخش + /–اندن/ ←نەخشاندن**

**٩. سوتاندن : ڕەگی ڕابردووی (سوتان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**سوت + /–اندن/ ←سوتاندن**

**١٠. ڕووشاندن : ڕەگی ڕابردووی چاوگی (ڕووشان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**ڕووش + /–اندن/ ←ڕووشاندن**

**١١. شێواندن : ڕەگی (شێوان) و مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**شێو + /–اندن/ ←شێواندن**

**+ ئەم زاراوانە لە خودی زمانی کوردییەوە بەرهەمهێنراون، بە هۆی مۆرفیمی ڕێزمانییەوە، کە لەم بوارە زانستییە ئەوە دەبینرێت، زۆربەیان بە هۆی مۆرفیمی /–اندن/ ەوە دروست بوون، کە ژمارەیان (٨) زاراوەیە لە کۆی (١١) زاراوە.**

## ٣–١–٢ زاراوەگەلی بواری زانستی کیمیا[١]

**١. هەڵپرووکاندن : ڕەگی چاوگی داڕێژراوی (هەڵپرووکان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**/هەڵ–/ + پرووك + /–اندن/ ←هەڵپرووکاندن**

**٢. هەڵبرینگاندن : ڕەگی چاوگی داڕێژراوی (هەڵبرینگان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**/هەڵ–/ + برینگ + /–اندن/ ←هەڵبرینگاندن**

**٣. کارباندن : بەرامبەر زاراوەی (کربنە)ی زمانی عەرەبی سازێنراوە، زاراوەساز ویستوویەتی هاوواتایەکی تەواو پڕاوپڕی زاراوە عەرەبییەکە سازبکات، بەڵام نەیتوانیوە لە کوردیدا ناوەکە بدۆزێتەوە بۆیە هەمان فۆرمی زاراوە جیهانییەکەی بەکارهێناوەتەوە، کە هەر وەکو چاوگێکی تێپەر ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت.**

**کارب (کورتکراوەی کاربۆن) + /–اندن/ ←کارباندن**

**٤. نیترادن : بە هەمانشێوە بەرامبەر (نترنە)ی زمانی عەرەبی لە سەر بنەمای زاراوەکەی پێشووتر سازکراوە، واتە بەهەمانشێوە زاراوە جیهانییەکەی بە فۆرمە عەرەبییەکەوە بەکارهێناوەتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ زمانی کوردیدا بیگونجێنێت.**

**نیترۆن + /–اندن/ ←نیترادن**

**٥. نائاشکرا : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێ لەگەڵ وشەی ئاشکرا، ئەم زارەوەیەش وەك پێدوایستییەکی زاراوەیی سازکراوە.**

**/نا–/ + ئاشکرا ←نائاشکرا**

---

(١)کەمال جەلال غەریب، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی (٢٠١٢)، لاپەڕەکانی ((٥١–٥٣–٦٥–٦٧–٦٨)).

**٦. نائەندامی : غیر عچوی**

**/نا-/ + ئەندام + /-ی/ ⟵نائەندامی**

**٧. نائاسایی : غیر أعتیادی**

**/نا-/ + ئاسا + /-یی/ ⟵نائاسایی**

**٨. ناتێر : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێکردن لەگەڵ ناوێك، یاخود زاراوەیەك، کە پێشتر وشەیەکی ئاسایی زمانەکە بوو، گەورەکراوەو بووتە (کاڵکە) وەرگێردراوی ناوەرۆکی (مشبع)ی زمانی عەرەبی.**

**/نا-/ + تێر ⟵ناتێر**

**٩. نەشاز : ئەم زاراوەیە نوێیەو بەهۆی مۆرفیمی سینتاکسی نەرێکردن لەگەڵ فۆرمێکی وەرگیراو (شاز).**

**/نە-/ + شاز ⟵نەشاز**

**١٠. نەبەکام : بەرامبەر زاراوەی (خدیج)ی عەرەبی سازکراوە، مۆرفیمی نەرێکردن لەگەڵ وشەیەکی داڕێژراو.**

**/نە-/ + /بە-/ + کام ⟵نەبەکام**

**١١. نەگەییو : مۆرفیمی نەرێکردن لەگەڵ ناوێکی بکەریی.**

**/نە-/ + گەییو ⟵نەگەییو**

**+ زۆربەی زاراوەکان بەهۆی مۆرفیمی ڕێزمانی /-اندن/ەوە دروستبوون، هەرچەندە ئەم مۆرفیمە لە بنەڕەتدا دەچێتە سەر ڕەگی کردار ودەیکات بەناوی ڕووداو (چاوگ)ی تێپەڕ،بەڵام لێرەدا چووەتە سەر هەندێك ناو وەك (کاربۆنونیترۆن) کە بەهەمان شێوە (لەگەڵ هەندێك ناوی تری زمانەکەدا هاتووە چاوگێکی تێپەڕی دروست کردووە، وەك نرخاندن، دەماندن، کورداندن).[١]**

## ٣-١-٣ زاراوە ئامارییەکان[٢]

**١. شێواندن : ((ڕەگی (شێوان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن و پۆلەکەیشی گۆڕیوە لە ڕەگەوە بۆ ناوی ڕووداو)).**

**شێو + /-اندن/ ⟵شێواندن**

**٢. پۆلاندن : ناوێك لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی تێپەڕاندن.**

**پۆل + /-اندن/ ⟵پۆلاندن**

**٣. گونجاندن : ڕەگی چاوگی (گونجان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**گونج + /-اندن/ ⟵گونجاندن**

**٤. زبراندن : ئاوەڵناوێکی سادە لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن بەکارهاتووە.**

**زبر + /-اندن/ ⟵زبراندن**

[١] ڕۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، (٢٠٠٧)، ل٩٥-٩٦.

[٢] جەمال عەبدول، ڕێبەری زاراوە ئامارییەکان (٢٠١٢)، لاپەڕەکانی ((١٧-٣٤-٣٥-٤١-٦٣-٨٠-١٢٦-١٣٨-١٧١)).

**٥. خەملاندن : ڕەگی ڕابردووی چاوگی (خەملان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن پۆلەکەیشی لە ڕەگەوە بۆ ناوی ڕووداو گۆڕاوە.**

**خەمڵ + /–اندن/ ⟵خەملاندن**

**٦. گشتاندن : وشەی (گشت) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن.**

**گشت + /–اندن/ ⟵گشتاندن**

**٧. بەشاندن : وشەی (بەش) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن، تەنیا فۆرمەکەی گۆڕیوەو چەمکی تێپەڕیی پێ بەخشیوە.**

**بەش + /–اندن/ ⟵بەشاندن**

**٨. دڵۆپاندن : ناوێك لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن و ناوێکی ڕووداوی تێپەڕی سازکردووە.**

**دڵۆپ + /–اندن/ ⟵دڵۆپاندن**

**٩. گۆیاندن : ناوێك لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی تێپەڕاندن.**

**گۆ + /–یاندن/ ⟵گۆیاندن ((ئەلۆمۆرفە))**

## ٣–١–٤ فەرهەنگی زاراوەی پزیشکی[١]

**١. نابەکتریایی : مۆرفیمێکی ڕێزمانی نەرێکردن لەگەڵ ناوێکی وەرگیراوی جیهانیی، فۆرمێکی نەریی سازکردووە.**

**/نا–/ + بەکتریا + /–یی/ ⟵نابەکتریایی**

**٢. نائاسا : وەرگێردراوی ناوەرۆکی (غیر اعتیادی) زمانی عەرەبی سازێنراوە.**

**/نا–/ + ئاسا ⟵نائاسا**

**٣. نارێکی : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێ لەگەڵ ناوێك.**

**/نا–/ + ڕێك + /–ی/ ⟵نارێکی**

**٤. ناتەواوی : بەرامبەر (تشوه)ی زمانی عەرەبی دەوەستێت و مۆرفیمی نەرێکردن لەگەڵ وشەیەکی داڕێژراو.**

**/نا–/ + تەواو + /–ی/ ⟵ناتەواوی**

**٥. ناهەستۆك : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێ لەگەڵ وشەیەکی داڕێژراوی بچووککراو.**

**/نا–/ + هەست + /–ۆك/ ⟵ناهەستۆك**

**٦. کڕاندن : گۆڕینی پۆلی وشەی ڕەگ بۆ ناوی ڕووداو.**

**کڕ (ڕەگی کڕان) + /–اندن/ ⟵کڕاندن**

**٧. دامرکاندن : ڕەگی ناوی ڕووداوی، یاخود چاوگی داڕێژراو لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن، کە پۆلە وشەی گۆڕیوە.**

**دامرك (ڕەگی دامرکان) + /–اندن/ ⟵دامرکاندن**

**٨. خەساندن : ئەم زاراوەیە لە ڕەگی ڕابردووی (خەسان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن، کە پۆلەکەی گۆڕیوە.**

**خەس (ڕەگی خەسان) + /–اندن/ ⟵خەساندن**

---

[١] ئەورەحمانی عەبدوڵا، فەرهەنگی زاراوەی پزیشکی (٢٠٠٩)، لا((١٠–١٢–١٣–٥٥–٧٣–١٠٨–١٢٤–١٦٢–١٧١)).

**٩. ڕماندن : گۆڕینی پۆلی وشە لە ڕەگەوە بۆ ناوی ڕووداو.**

**ڕم (ڕەگی ڕمان) + /–اندن/ ←ڕماندن**

**١٠. ڕرواندن : ئەم زاراوەیە لە ڕەگی ڕابردووی (ڕووان) پۆلەکەی بۆ ناو گۆڕاوە.**

**ڕوو (ڕەگی ڕووان) + /–اندن/ ←ڕوواندن**

**١١. تێ ڕژاندن : ڕەگی چاوگی داڕێژراوی (تێڕژان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن پۆلی ناوی ڕووداوی سازکردووە.**

**/تێ–/+ڕژ (ڕەگی ڕژان) + /–اندن/ ←تێڕژاندن**

**١٢. خەواندن : ڕەگی (خەوتن) لەگەڵ مۆرفیمی تیپەڕاندن، ناوی ڕوودای سازکردووە، کە هێزی کردارەکەی لە تێنەپەڕ بۆ تێپەڕگۆڕیوە.**

**خەو + /–اندن/ ←خەواندن**

**١٣. چەقاندن : ڕەگی ڕابردووی (چەقان) لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی تێپەڕاندن، بە هەمانشێوە پۆلە وشەکەی بۆ ناو گۆڕیوە.**

**چەق (ڕەگی چەقان) + /–اندن/ ←چەقاندن**

## ٣–١–٥ فەرهەنگی زاراوەی سایکۆلۆژی[١]

**١. ناهاوسەنگ : مۆرفیمی نەرێکردن لەگەڵ ناوێکی داڕێژراو، کە بە هۆی وەرگێڕانی ناوەرۆکەوە سازکراوە.**

**/نا–/ + هاوسەنگ ←ناهاوسەنگ**

**٢. ناسروشتی : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێ لەگەڵ ناوی داڕێژراو زاراوەیەکیان لەم بوارە زانستییە سازکردووە.**

**/نا–/ + سروشت + /–ی/ ←ناسروشتی**

**٣. ناڕاستەوخۆ : مۆرفیمی نەرێ لەگەڵ وشەیەکی لێکدراو، کە بەهۆی /نا–/ فۆرمەکە نەفی کراوەو بۆتە بەشێك لێی، ئەم زاراوەیە چالاکە لە بواری وەرزشی و میدیایی، ...هتد.**

**/نا–/ + ڕاست + /–ەو–/ + خۆ ←ناڕاستەوخۆ**

**٤. ناکۆمەڵایەتی : وەك زاراوەیەك بەرامبەر (لاجتماعی) عەرەبی سازکراوە، زاراوەساز ڕاستەوخۆ سودی لە فەرهەنگی زمان بینیوەو مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێی خستۆتە بەردەم وشەی داڕێژراوی (کۆمەڵایەتی).**

**/نا–/ + کۆمەڵ + /–ایەتی/ ←ناکۆمەڵایەتی**

**٥. نائاکاری : مۆرفیمی نەرێی لەگەڵ ناوێکی داڕێژراو، بەرامبەر (لأخلاقی) عەرەبی سازکردووە.**

**/نا–/ + ئاکار + /–ی/ ←نائاکاری**

**٦. نائارامی : مۆرفیمی نەرێ لەگەڵ ناوێکی داڕێژراو، کە تەنها فۆرمەکەی گۆڕیوەو واتایەکی نوێی لە فەرهەنگی پسپۆڕێتی پێ بەخشراوە.**

**/نا–/ + ئارام + /–ی/ ←نائارامی**

---

(١)سابیر بەکر بۆکانی، فەرهەنگی سایکۆلۆژی، (٢٠٠٤)، لا (٦، ٧ ، ١٢، ٢٠، ٢٢، ٥٥، ١١٣)).

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2. العدد 4 .كانون الاول 2016: ص ص 362-389
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

**٧. نەگونجان : مۆرفیمی نەرێ لەگەڵ ناوی ڕووداوی (گونجان) سازکردووە، واتاکەی پێچەوانە کردۆتەوە.**

**/نە–/ + گونجان ⟵نەگونجان**

**٨. نەجوڵان : ناوی ڕووداوی (جوڵان) بە مۆرفیمی /نە–/ نەفی کردووە.**

**/نە–/ + جوڵان ⟵نەجوڵان**

**٩. تێبینی نەکراو : ناوێکی بەرکاری نەفی کراوەو لە بنەڕەتدا (تێبینیکردن)ە بووەتە (تێبینیکراو)، بە نەرێکردنیش دەبێتە تێبینینەکراو، واتە نابێت پێشکردارەکە لێی داببڕدرێت لە ڕووی ڕێنووسەوە چونکە کردارێکی لێکدراو بووە.**

**/نە–/ + کر (ڕەگی کردن) + /–او/ ⟵نەکراو**

**١٠. ڕانەهاتن : ئاوەڵژووی (ڕاهاتن)، چۆتە نێوان پێشگری /ڕا–/ و بناغەی (هاتن)ەوەو نەرێی کردووە.**

**/ڕا–/ + /نە–/ + هاتن ⟵ ڕانەهاتن**

**١١. قرتاندن : مۆرفیمی ڕیزمانی تێپەڕاندن چووەتە سەر ڕەگی (قرتان) و پۆلە وشەکەی لە ڕەگەوە بۆ ناوی ڕووداو گۆڕیوە.**

**قرت (ڕەگی قرتان) + /–اندن/ ⟵قرتاندن**

**١٢. خۆمراندن : ڕەگی چاوگی لێکدراوی (خۆمران) کە لە ﴿ئەنافۆری خۆ + ڕەگی کرداری(مردن)﴾ بەهۆی مۆرفیمی تێپەڕاندنەوە هێزی کردارەوە لە تێنەپەڕەوە بۆ تێپەڕ گۆڕاوە.**

**خۆ + مر + /–اندن/ ⟵خۆمراندن**

**١٣. خوراندن : ڕەگی ناوی ڕووداو (چاوگ)ی (خوران) لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی تێپەڕاندن، پۆل وشەو هیزی کردارەکە گۆڕاوە.**

**خور (ڕەگی خوران) + /–اندن/ ⟵خوراندن**

**١٤. خۆخەڵەتاندن : ڕەگی کرداری لێکدراوی (خۆخەڵەتان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن هێزی کردارەکەی گۆڕیوە.**

**خۆ + خەڵەت (ڕەگی خەڵەتان) + /–اندن/ ⟵خۆخەڵەتاندن**

**١٥. تۆقاندن : ڕەگی (تۆقان/تۆقین) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن هیزی کردارەکە گۆڕیوە.**

**تۆق (ڕەگی تۆقان) + /–اندن/ ⟵تۆقاندن**

**١٦. چەپاندن : ڕەگی کردار بۆ ناوی ڕووداو (چاوگ) گۆڕیوە.**

**چەپ (ڕەگی چەپان) + /–اندن/ ⟵چەپاندن**

**١٧. گۆڕاو : ڕەگی (گۆڕان) لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی بەرکاری، ناوێکی بەرکاری بەرهەمهێناوە.**

**گۆڕ + /–او/ مۆرفیمی بەرکاری ⟵گۆڕاو**

## ٣-١-٦ زاراوەی زەویناسی[1]

١. دوولەپکەییەکان : Biralve

دوو+لەپکە + /-یەکە/ ئەلۆمۆرفی (-ەکە)یە + /-ان/ ←دوولەپکەییەکان ((ىیەکەمیانناوبەندەونیمچەبزوێن (ڤاوڵ)ە))

٢. ناتەوەرەیی : فۆڕمی وشەکە لە زمانی ئینگلیزیدا (Anaxial)ە واتە نەرێکردنە، دژو پێچەوانەی تەوەرەییە، چونکە لە (An-) وەك پێشگرێك چۆتە سەر (Axial)و نەرێی کردووە.

/نا-/ + تەوەرە + /-یی/ ←ناتەوەرەیی

٣. ناپەسەند: مۆرفیمی نەرێ لەگەڵ وشەی (پەسەند)، زاراوەیەکیان بەچەمکێکی نەفییەوە بەرهەم هێناوە.

/نا-/ + پەسەند ←ناپەسەند

٤. جوڵاو : ڕەگی (جوڵان) لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی بەرکاری، ناوێکی بەرکاری سازکردووە، لە بنەڕەتیشدا خۆی وشەیەو گەورە کراوەو بووەتە زاراوە.

جوڵ (ڕەگی جوڵان) + /-او/ ←جوڵاو

٥. کشاو : ڕەگی (کشان) لەگەڵ مۆرفیمی بەرکاری ناوێکی بەرکاری سازکردووە، واتە پۆلەکەی گۆڕیوە.

کش (ڕەگی کشان) + /-او/ ←کشاو

٦. دابڕاو : ڕەگی (دابڕان) لەگەڵ مۆرفیمی بەرکاری ناوێکی بەرکارییان دروستکردووە، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتیشدا وشە بووە گەورە کراوەو بووەتە زاراوە، ئەمەش بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ئەو بۆچوونەی دەڵێت زاراوەسازن پشت بە فەرهەنگ دەبەستن بۆ سازکردنی زاراوەیەك.

/دا-/ بڕ + /-او/ ←دابڕاو

٧. بڕاو : ڕەگی (بڕین) لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی بەرکاری ناوێکی بەرکاریی دروستکردووە.

بڕ + /-او/ ←بڕاو

٨. هەژاندن : ڕەگی چاوگی تینەپەڕی (هەژان) بە هۆی مۆرفیمی تێپەڕاندنەوە بووەتە تێپەڕ.

هەژ (ڕەگی هەژان) + /-اندن/ ←هەژاندن

٩. تێکشکاندن : چاوگی لێکدراوی (تێکشکان) بەهۆی مۆرفیمی تێپەڕاندنەوە هێزی کردارەوە بۆ تێپەڕ گۆڕیوە.

تێك + شك (ڕەگی شکان) + /-اندن/ ←تێکشکاندن

---

(١) ابراهیم محمد و هیتر، فەرهەنگی زەویناسی(٢٠٠٢)، لاپەڕەکانی ((٣-٥-١١-٢٥-٢٩-٤٤-٦٦-٩٥))

## ٣-١-٧ زاراوەی بواری فەلسەفە وزانستە کۆمەڵایەتییەکان[١]

١. ناباو : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێکردن لە گەڵ ناوێك، واتاکەی ئاوەژوو کردووە، واتە نەفی کردووە.

/نا-/ + باو ←ناباو

٢. نادەستوری : مۆرفیمی نەرێکردن لەگەڵ فۆرمێکی وەرگیراوو دوبارە بەکارهێنراوەتەو لە زاراوەسازی کوردیدا.

/نا-/ + دەستور + /-ی/ ←نادەستوری

٣. نالۆژیکی : پێچەوانەی لۆژیکی، واتە دژی لۆژیکیی دەوەستێت.

/نا-/ + لۆژیك + /-ی/ ←نالۆژیکی

٤. نالەبار : ئەم زاراوەیەش لە بنەڕەتدا وشەیەکە بە کەسێك دەگوترێت، کە هیچ بنەمایەکی هاوکاری تێدا نەبێت، بۆیە گەورە کراوەو بووەتە زاراوە، چونکە زاراوە لە ناو زانستدا کار دەکات، تا زانست پێش بکەوێت ئەوا زاراوەکانیشی گەشە دەکات، بەو شێوە ئەو زمانەش گەشە دەکات کە زاراوەکەی سازکردووە.

/نا-/ + /لە-/ + بار ←نالەبار

٥. نادادپەروەرانە : هەر کەسێك پێچەوانەی یاسا دەستورییەکان هەڵسوکەوت بکات، ئەوا نادادپەروانە ڕەفتار دەکات، واتە نەرێی کردووە.

/نا-/ + داد + پەروەر + /-انە/ ←نادادپەروەرانە

٦. نایەکسانی : دژی یەکشانی.

/نا-/ + یەکسان + /-ی/ ←نایەکسانی

٧. ناچالاك : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێ لەگەڵ ناوێك و فۆرمێکی نوێی نەفیکراوی بەرهەم هێناوە.

/نا-/ + چالاك ←ناچالاك

٨. ناوشیار : دژی وشیارییە، واتە نەرێی کردووە.

/نا-/ + وشیار ←ناوشیار

٩. ناڕێسا : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێکردن لەگەڵ ناوێك و فۆرمێکی نوێ بە واتایەکی دژەوە بەرهەم هێناوەو لە زاراوەسازیدا پێگەی بۆ دانراوە.

/نا-/ + ڕێسا ←ناڕێسا

١٠. گونجاندن : گەورە کردنی وشەکانی زمانەو بە یاسای گۆڕینی هێزی کردار سازبووە.

گونج (ڕەگی گونجان) + /-اندن/ ←گونجاندن

١١. نرخاندن : ڕەگی (نرخان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن، ئەوەتا دەگوترێت (بۆچوونەکەت بەرز دەنرخێنم)، یا (بەرز نرخێنرا).

نرخ + /-اندن/ ←نرخاندن

---

(١)فەرشید شەریفی، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە وزانستە کۆمەڵایەتییەکان (٢٠٠٧)، لاپەڕەکانی ((١٤-٢٧-٣١-٣٥-٣٩-٨٧-١٩١-١٩٧-٢٠٧-٢٣٧-٣٢٧))

١٢. خەڵەتاندن : ڕەگی ڕابردووی (خەڵەتان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن،پۆلە وشەو هێزەکەیشی گۆڕاوە.

خەڵەت (ڕەگی خەڵەتان) + /–اندن/ ⟵خەڵەتاندن

## ٣–١–٨ زاراوەی بواری یاسایی[١]

١. ناکۆکی : مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێ لەگەڵ وشەیەکی داڕێژراو، کە وشەکەی نەفی کردووە.

/نا–/ + کۆك + /–ی/ ⟵ناکۆکی

٢. ناپاکی : دژی کەسی پاك و بێگەرد، بە واتای خیانەت دێت، کەواتە نەفی کردنی کاری چاك.

/نا–/ + پاك + /–ی/ ⟵ناپاکی

٣. ناشایستە : بە کەسێك دەگوترێت، کە شیاوی کارێك نەبێت، چ جای بەرهەمەکەیشی بخوات، واتە بە هەموو شێوەیەك نەفی کردووە.

/نا–/ + شایستە ⟵ناشایستە

٤. نادیار : مۆرفیمی نەرێکردن لەگەڵ وشەی (دیار) و بۆ کەسێك یاخود کاتێکی نادیار بەکاردێت.

/نا–/ + دیار ⟵نادیار

٥. نەگونجان : مۆرفیمی نەرێ لەگەڵ ناوی ڕووداو (چاوگ)ی (گونجان).

/نە–/ + گونجان ⟵نەگونجان

٦. سەرنەکەوتن : چاوگێکی لێکدراو، مۆرفیمی نەرێ چووەتە نێوە پێشکاری (سەر)و چاوگی (کەوتن).

سەر + /نە–/ + کەوتن ⟵سەرنەکەوتن

٧. بێزنەهاتن : چاوگی لێکدراوی نەفی کراو.

بێز + /نە–/ + هاتن ⟵بێزنەهاتن

٨. ناساندن : ڕەگی (ناسین) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن، پۆلە وشە و هێزی کردارەکەیشی گۆڕیوە.

ناس (ڕەگی ناسین) + /–اندن/ ⟵ناساندن

٩. لەوتاندن : زاراوەساز ئەم زاراوەیەی بە سەلیقە لە ڕەگی چاوگی (لەوتان) و مۆرفیمی تێپەڕاندن، سازکردووە.

لەوت + /–اندن/ ⟵لەوتاندن

١٠. ڕاپەڕاندن : لە ڕەگی ڕابردووی چاوگی داڕێژراوی (ڕاپەڕین) و مۆرفیمی تێپەڕاندن سازکراوە، کە لە بنەڕەتدا وشە بووەو چەمکەکەی فراوان کراوەو بووەتە زاراوە.

/ڕا–/ + پەڕ (ڕەگی پەڕین) + /–اندن/ ⟵ڕاپەڕاندن

١١. درکاندن : ڕەگی ڕابردووی (درکان) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن ئەم زاراوەیەی سازکردووە.

درك + /–اندن/ ⟵درکاندن

---

(١)نوری تاڵەبانی، لاپەڕەکانی فەرهەنگی قانوونی(٢٠٠٦)، بڕوانە لاپەڕەکانی ((٢٢–٢٦–٣١–٣٧–٣٨–٤٣–٥٣–٧٢–٧٣–٧٥–١١٧–١١٩–١٣١–٢٢٨)).

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد 2. العدد 4 .كانون الاول 2016: ص ص 362-389
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

**١٢. تاساندن : سەرچاوی ئەم زاراوەیەش وەکو زۆرێك لە زاراوەکان دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی زمان، ئەمانە زۆربەیان وشە بوون و واتاکەیان فراوان کراوە بۆ ئەوەی فەرهەنگی بوارە زانستییەکانی پێ دەوڵەمەند بکرێت.**

**تاس (ڕەگی تاسان) + /–اندن/ ⟵تاساندن**

**١٣. لەوەڕاندن : ڕەگی ڕابردووی چاوگی (لەوەڕین) لەگەڵ مۆرفیمی تێپەڕاندن ئەم زاراوەیان سازکردووە.**

**لەوەڕ + /–اندن/ ⟵لەوەڕاندن**

**١٤. لکاندن : ڕەگی چاوگی (لکان) لەگەڵ مۆرفیمی ڕێزمانی تێپەڕاندن، ئەم زاراوەیان سازکردووە.**

**لك + /–اندن/ ⟵لکاندن**

**کۆی زاراوەکان: (٨٢) زاراوە**

**ئاماری زاراوەکانی هەر هەشت بوارە زانستییەکە لەم چارتەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:–**




**١. زاراوەی بواری زانستی بەرهەمی کانزایی = ١١**

**٢. زاراوەگەلی بواری زانستی کیمیا =١١**

**٣. زاراوە ئامارییەکان = ٩**

**٤. فەرهەنگی زاراوەی پزیشکی = ١٣**

**٥. فەرهەنگی زاراوەی سایکۆلۆژی = ١٧**

**٦. زاراوەی زەویناسی = ٩**

**٧. زاراوەی بواری فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکان= ١٢**

**٨. زاراوەی بواری یاسایی = ١٤**

**هەروەها لەم چارتەی خوارەوە سەرجەم مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان کە ڕۆڵیان لە سازکردنی زاراوەکاندا بینیوە خراونەتەڕوو:–**




مۆرفیمە ڕێزمانییەکان (٩٩) زاراوەیان بەرهەم هێناوە ئەمەش دابەش دەبێت بەسەر مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی تێپەڕاندن، کە (٤٩) زاراوەی بەرهەم هێناوە، نەرێکردن (٣٩) زاراوە، بەرکاری (٦) زاراوەو ، ناسراوی (٢)زاراوەو کۆ (٢) زاراوەو ئاوەڵناوەی پلەی باڵا (١) زاراوە.

## ئەنجـــــام

١) بەپێی ئەو ئامارو داتایانەی لەم توێژینەوەیەدا بەر دەستن، ئەوە دەردەکەوێت، کە کۆی گشتی ژمارەی وشەکان بریتین لە (٦٢) وشە مۆرفیمی بەندی ڕێزمانی کۆ بە پلەی یەکەم کە (٢٠) وشەیان لە زمانی کوردیدا سازکردووەو دواتر مۆرفیمی نەرێکردن(١٣) وشەو ناسراوی (١٠) وشەو نەناسراوی (٩) وشەو بەرکاری (٦) وشە.

٢) بەپێی ئەو ئامارو داتایانەی لەم توێژینەوەیەدا بەر دەستن، (٨٢) زاراوە سازکراوە، بە سەر هەشت بواری زانستیی دیاری کراون، ڕوون بووەتەوە، کە زاراوەی بواری سایکۆلۆژی زۆرترین زاراوە بە هۆی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانەوە سازکراوە، کە ژمارەیان (١٧) زاراوەیەو و دواتریش هەریەك لە زاراوەی بواری پزیشکی (١٣) زاراوەو دواتر فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکان (١٢) زاراوەو و پاشان زاراوەی بواری زانستی کیمیاو بەرهەمی کانزایی پلەی پێنجەمیان گرتووە، کە هەریەکەیان (١١) زاراوەیان بەرهەم هێناوە، دواترینیان زاراوەی بواری ئاماری و زەویناسی پلەی شەشەمیان گرتووە، کە هەر یەکەیان (٩) زاراوەیان بەرهەمهێناوە.

٣) بەپێی ئەو داتاو ئامارانەی لەم توێژینەوەیەدا هەن، دەرکەوتووە، کە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکانی تێپەڕاندن زۆرترین زاراوەی بەرهەم هێناوە، کە (٤٩) زاراوەیەو دوا بەدوای ئەمیش مۆرفیمی ڕێزمانی نەرێکردن (٣٩) زاراوەو بەرکاری (٦) زاراوەو، ناسراوی (٢)زاراوەو کۆ (٢) زاراوەو ئاوەڵناوەی پلەی باڵا (١) زاراوە.

## سەرچاوەکان

١. ئەورەحمانی عەبدولا، فەرهەنگی زاراوەی پزیشکی، بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە (٩١٩) چاپی دووەم، (٢٠٠٩) هەولێر.

٢. ئیبراهیم محەمەد و جەزا محێدین و بابا رەسول غەفور و کەیوان محەمەد ، فەرهەنگی زەویناسی چاپخانەی بەدرخان، چاپی یەکەم (٢٠٠٢).

٣. جەمال عەبدول ، ڕێبەری زاراوە ئامارییەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، یەکەم چاپ (٢٠١٢) هەولێر.

٤. ڕۆژان نوری عبدالله، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، (٢٠٠٧)، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

٥. سابیر بەکر بۆکانی، فەرهەنگی سایکۆلۆژی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) سلێمانی.

٦. شێرکۆ حەمەئەمین، مۆرفیمە بەندە لێکسیکی و ڕێزمانییەکان و ئەرکیان لە دیالێکتی گۆراندا (٢٠٠٢)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٧. عبدالرحمن شەرەفکەندی (هەژار موکریانی)، (١٣٨٩) هەنبانە بۆرینە، چاپی حەوتەم، تاران.

٨. فاروق عمر سدیق ، وشەسازی لە زمانی کوردیدا (١٩٧٥)، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی (٣) بەشی (٢)، بەغدا.

٩. فاروق عمر سدیق ، پێزو بەرهەمی وشەی (سەر) لە زمانی کوردیدا، ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (بەشی B) ژمارە (٤٢) تشرینی دووەم، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی (٢٠١٣) سلێمانی.

١٠. فاروق عمر سدیق ، جێپەنجەی فریزی بە لێکسیکبوو لە پەرەسەندنی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی (بەشی B) ژمارە (٤٣) تشرینی دووەم، بەشی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی (٢٠١٣) سلێمانی.

١١. فەرشید شەریفی، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفەو زانستە کۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، (٢٠٠٧) سلێمانی.

١٢. کامل حسن بەسیر، زاراوەی کوردی (١٩٧٨)، کۆلێجی ئاداب، بەشی زمانی کوردی، بەغدا.

١٣. کەمال جەلال غەریب، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس–(٢٠١٢)هەولێر.

١٤. کەوسەر عەزیز ئەحمەد، بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی، نامەی ماجستێر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین،(١٩٩٠) هەولێر.

١٥. گەیلان ئیسماعیل حەسەن هەریری ، فەرهەنگۆکی زاراوەگەلی زانستی بەرهەمی کانزایی، چاپخانەی حاجی هاشم (٢٠١١)، هەولێر.

١٦. محەمەد عومەر عەول (دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی دارشتن و ئەرکەوە (٢٠٠١)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٧. محەمەدی مەحوی ، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، (٢٠٠٩)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

**١٨. محەمەد مەجید سەعید، فەرهەنگ و پرۆسەی بە لێکسیمبوون لە زمانی کوردیدا (٢٠١٥)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.**

**١٩. نوری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، (بەرهەمەکانی نوری عەلی ئەمین) چاپخانەی کامەران،(١٩٦٠) سلێمانی.**

**٢٠. نوری تاڵەبانی، فەرهەنگی قانوونی، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هوشیاری، چاپی دووەم (٢٠٠٦) ، سلێمانی.**

21- George Yule, The Study of Language, Third Edition, Cambridge University Press, (2006) New York, USA.

22- H.G.Widdowson, Linguistics, Oxford University Press, (2009) New York, USA

23- Mark Aronoffand Kirsten Fudeman, What is Morphology, second edition, October (2011). Wiley-Blackwell.

24- Norman C.Stageberg, An Introductory English Grammar, Forth Edition, printed in the United of America (1981) usa.

25- Victoria Fromkin, Robert Rodman, Nina Hyams, An Introduction to Language, (2009) New York, USA.